# بۆچوونی زانایان دەربارەی دەست گرتن لە پاش هەڵسانەوە لە ڕکوع

[ kurdish – کوردی – كردي ]

دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ أقوال العلماء في كيفية وضع اليدين بعد الركوع ﴾

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

## بۆچوونی زانایان دەربارەی دەست گرتن لە پاش هەڵسانەوە لە ڕکوع

**پرسیار:** سوننەت چۆنە لە پاش هەڵسانەوە لە ڕکوع، ئایا بریتیە لە دەست درێژکردن یان دانانی دەستی ڕاست لەسەر دەستی چەپ لەسەر سینگ؟

**وەڵام:** دانانی هەردوو دەست لە پاش ڕاستبوونەوە لە ڕکوع لە نوێژدا ڕای جیاوازی تێدایە لە نێو زانایانی سەردەمدا، بۆ نمونە شێخ عبد العزیز بن باز ڕەحمەتی خوای لێ بێت وهەندێ لە زانایانی نەجد وحیجاز دەڵێن سوننەت ئەوەیە کەوا دەستی ڕاستت بخەیتە سەر دەستی چەپ ولەسەر سینگت دایْنەییت، وە درێژکردنی دەستەکان مەکروهە نابێت بکرێت لەبەر ئەوەی پێچەوانەی سوننەتە، وە بەڵگەیان بریتیە لە فەرمودەی پێغەمبەری خوا کەوا دەربارەی دستگرتن هاتوە لە کاتی وەستان لە نوێژدا، وە دەڵێن: هیچ جیاوازی نیە لە نێوان هەستانی پێش و پاشی ڕکوعدا ؛ چونکە فەرموودەکان هەردوو حاڵەتەکە دەگرێتەوە.

وه ئەو فەرمودەیەی کەوا ئەم بۆچونە بە هێز دەکات بریتیە لە کێڕانەوەی وائیلی کوڕی حەجر خوا لێی ڕازی بێت کە دەفەرمویێت:(( رأيت النبي صلى الله عليه وسلم إذا كان قائماً في الصلاة يضع يده اليمنى على كفه اليسرى )) اخرجه النسائی باسناد صحیح.

ئەمەش هەستانی پێش رکوع وپاشیشی دەگرێتەوە.

شیخ عبد العزیز بن باز ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفرموێت: ئەوەی بۆچونی وایە کە دەست شۆر بکرێتەوە لە پاش رکوع هیچ بەڵگەیەکی وای نیە کە پشتی پێببەسرێت، بەڵکو پێچەوانەی سوننەتە.

وه زۆربەی زانایانی پێشوو سەردەم لەگەڵ دەست شۆرکردنەوەن لە پاش ڕکوعدا، بەڵکو شێخ ئەلبانی ڕەحمەتی خوای لێ بێت بۆچونی وایە دەست گرتن لە پاش رکوعدا بیدعەیە.

بەهەر حاڵ، ئەم مەسئەلەیە مەسئەلەیەکی فەرعیە و لە سوننەتەکانی نوێژە ولە واجیبات نیە لە لای هەموو زانایان، وە نابێت

ئەم جۆرە مەسئەلانە ببێتە مایەی ناکۆکی لە نێوان موسڵمانانداا، ئەوەی دەست بگرێت لە پاش هەڵسانەوە لە ڕکوعدا ڕەوایە، ئەوەیشی شۆری کاتەوە هەر ڕەوایە.

خوای گەورەش زانا وشارەزاترە ..